**عەبدوڵڵا سەمەدی**



# ئەوین بە بێ ئاوەز



تەرح: حەوتەنامەی ئاویەر

ئەستوونی ( ئەلۆ ئاویەر )ی ژمارە 32م دەخوێندەوە؛ گەیشتمە تەلیفونی خوێنەرێکی کرماشانی. گازندەی ئەوەی کردبوو کە گۆیا زاراوەی کرماشانی لە گۆڤارەکەدا وەپشت گوێ خراوە! وەبیر ئەو داواکارییانە کەوتمەوە کە خاوەنی زاراوە و لەهجە و بنلەهجەکانی تری زمانی کوردی، زۆر جار لە گۆڤارە کوردییەکاندا بە هەمان شێوە داوا دەکەن کە لە کوردییەکە تێناگەن و گۆڤارەکە بە لەهجەی ئەوانیش شت بنووسێ. تەنانەت ئەوەشم دیوە کە داوا کراوە زمانی گۆڤارەکە بکرێتە فارسی، تا هەموان تێیبگەن! سەیرتر ئەوەیە کە نەمدیوە دانەیەك لەو گۆڤار و بلاڤۆکە کوردییانە جارێك وتار و ڕوونکردنەوەیەك لە سەر ئەو بابەتە بڵاوبکاتەوە تاکوو گرفتەکە بۆ خوێنەری کورد ڕوون بکرێتەوە و لە گرینگیی مەبەستەکە تێبگات. بەڵکوو بە پێچەوانە دەبینین هەر ڕۆژە لەهجەیەکی تر دێتە ناو گۆڤارەکان و ئێستا دەتوانین گەلێك وتاری هەورامی و کەلهوڕی و ئەردەڵانی و موکریانی و هەولێری دەستنیشان بکەین.

زمانی کوردی خاوەنی چوار دیالێکتی گەورە و دەیان لەهجە و بنلەهجە و ڕاوێژی ناوچەییە. زۆر جار دوو کەس بە دوو لەهجەی جیاوازەوە، لە کاتی ئاخەفتندا ناچار دەبن پەنا بۆ زمانێکی دووەم ببەن؛ کە ئەو زمانە دووەمە لە ناو کوردandا فارسی، عەرەبی یا تورکییە.

ئەو گیروگرفتەی کە بە هۆی زۆریی لەهجە ناوچەییەکانەوە تووشی زمانی کوردی بووە، لە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیاشدا هەمان گرفت دەبینرێ. زمانی عەرەبیی وڵاتە عەرەب زمانەکان، نەك هەر جیاوازیی زۆریان لەگەڵ یەك هەیە، بەڵکوو ئەو جیاوازییە لە ناوچەیەکیشدا بۆ ناوچەیەك و شارێك بۆ شارێك و تەنانەت زۆر جار لە گوندێکەوە بۆ گوندێکیش خۆ دەنوێنێ. کەچی لە هەمان کاتدا تاکە زمانێکی عەرەبیی یەکگرتوو هەیە کە هەموو عەرەبێك لە نووسین و خوێندنەوەدا بەکاری دێنێ و گشت چاپەمەنی و بلاڤۆکە عەرەبییەکانیش لە هەر کوێی دنیادا کار بکەن لە هەمان زمان کەڵك وەردەگرن.

زمانی ئینگلیسی له بەشەکانی باکوور، باشوور و ناوەندی وڵاتی ئینگلستاندا یەك زمانی ئینگلیسی نیە؛ بەڵکوو جیاوازیی بەرچاویان هەیە. ئەم جیاوازییە لە وڵاتانی ئینگلیسیزمانی وەك کەنەدا و ئەمریکا زۆر پتر خۆ دەنوێنێ. هەروەها لەو وڵاتانەی کە خەڵك جگە لە زمانی خۆی، بە ئینگلیسیش دەدوێ، ئەو جیاوازییە دەگاتە لووتکە. کەچی لە هەمان کاتدا " **زمانی ستانداردی ئینگلیسی** " Standard English لە خوێندنەوە و نووسین و چاپەمەنییەکاندا، یەکیەتییەکی وەهای پێکهێناوە کە بە بێ کەمترین گرفت، هەموو سەرەڕای لەهجەی ناوچەیی و دیالێکتی تایبەتیی خۆیان پێوەندییەکی ئاسایی پێکەوە دەگرن. نموونەیەکی تر؛ زمانی ئاڵمانییە کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئاڵماندا چەندین لەهجەی جۆراوجۆری لێکەوتووەتەوە. جیاوازی لە نێوان لەهجەکانی زمانی ئاڵمانی، لە وڵاتانی وەکی هۆلەند، سویس و نەمسادا، زۆر بەرچاوترە و دەگاتە ترۆپك. لە هەمان کاتدا تاکە زمانێکی ستانداردی ئاڵمانی هەیە کە هەموو ئەو کەسانە بە دەرس دەیخوێنن و فێری دەبن و گشت چاپەمەنییەکانیش پێی دەنووسن.

هەوڵ و کۆششی سەدان زانا و تێکۆشەری کورد، لە ماوەیەکی پتر لە سەد ساڵدا، ڕێنووسێکی سەربەخۆ و تایبەتی پێکهێناوە کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ خەت و نووسینی نەتەوەکانی دراوسێماندا، زۆر هاسان و ڕێکوپێك و بێگرێوگۆڵە؛ چونکە لە ئەزموونەکانی ئەوانیش کەڵك وەرگیراوە و گیروگرفتەکانی نووسین و خوێندنەوە تا ڕادەیەکی زۆر وەبەرچاو گیراون. پێبەپێی ئەو ڕێنووسە، زمانێکی نیوە گشتی و نیوە ستانداردیش وردە وردە **گووراوە** کە دانیشتوانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەتوانن لێی تێبگەن و تا ڕادەیەك پێی بنووسن و بخوێننەوە. بەڵام دەبێ پێ لەو ڕاستییە بنێین کە ڕەوتێکی خێرای نیە و بە سستی دەڕواتە پێش. خێرا نەبوونی ئەو ڕەوتە بەر لە هەر هۆیەك، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چوارچێوەیەکی سیاسی؛ جا لە پاشان دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە گرینگیی بابەتەکە.

بێشك دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی لەم بوارەدا قورسترین ئەرکیان لە سەر شانە و دەتوانن بەرچاوترین دەوریان هەبێ. هاویشتنی هەنگاوی گەورە لە لایەن ئەوانەوەیە، کە بەداخەوە نەیانتوانیوە بیهاوێن. ڕەنگە ئەوانیش هێشتا بە گرینگیی بابەتەکەیان نەزانیبێ. بەڵگەی ئەم ڕایەشم ئەوەیە کە هەر ڕۆژە شاهیدی لەهجەیەکین لە نووسیندا!

لێرەدا بۆ پتر ڕوونبوونەوەی مەبەستەکە، ئاماژەی نموونەیەکی بەرچاوتر دەکەم؛ کاتێك باس لە زمانی فارسی دەکرێ، ئەوەی دەزێتە ناو بیر و زەینەوە، زمانێکە کە لە باکوور هەتا باشووری وڵاتی بەرینی ئێران پێی دەخوێنن و دەنووسن؛ هەروەها زمانێکە هەموو پەخش و بلاڤۆکە فارسییەکان بەکاری دێنن و لە خوێندنگەکاندا پێی دەخوێندرێ و تایبەت بە هیچ شار و شارۆچکە و مەڵبەندێکی دیاریکراو نیە. واتە نە خوراسانییە، نە ئیسفەهانییە و نە شیرازی و ڕەشتی و مازندەرانی. کەچی لە هەمان کاتیشدا هەموویانە. لە ڕاستیدا زمانی فارسی ڕیشەی لە سەر ئەم زاراوە و لەهجە و بنلەهجانە داکوتاوە و بەوانەوە ڕاوەستاوە و لە ڕێگەی ئەوانەوە گەشە دەکات و کەمو کوڕییەکانی خۆی چارەسەر دەکا. وەك دەشبینین گەشە کردنی زمانی ستانداردی فارسی نەبوەتە هۆی لەناوچوونی لەهجەکان و ئەوان بە هەمان شێوەی خۆیان لە ناوچە دیاریکراوەکانیاندا دەژین.

بیهێنینە بەر زەین کە ڕۆژنامە ڕەسمیەکانی (کیهان) یا (اطلاعات) لە نووسینی ڕۆژانەیاندا، کەڵك لە لەهجە جۆراوجۆرەکانی فارسی وەربگرن. ئەمە لە کاتێکدا کە جیاوازیی ئەو لەهجانە لەگەڵ زمانی ستانداردی فارسی گەلێك زۆرە و بۆ وێنە ئەگەر وتارێك بە لەهجەی کرمانی بلاو بکرێتەوە، بێشك بۆ تێگەیشتنی فارسزمانانی تر، وەرگێڕان دەخوازێ[1]. بۆ ئاگاداربوون لە ڕادەی جیاوازیی نێوان لەهجەکانی زمانی فارسی دەتوانین سەیری زنجیرە کتێبەکانی « گنجینة فرهنگ مردم » گردارییی ماملۆستا انجوی شیرازی بکەین، و بە چاو ببینین کە بابەتە

فولکلۆرییەکانی ئەم کتێبە، کە هی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێرانە و بە لەهجەکانی فارسی کۆکراوەتەوە، بە بێ وەرگێڕانی فارسی، یا لانی کەم بە بێ پەراوێزی فەرهەنگۆکێك، بۆ فارسەکان نامۆیە و لێی تێناگەن.

هەروەها بۆ نموونەی مشتێك لە خەروار، دەتوانین سەیرێکی سەرپێیی کتێبگەلی « فرهنگ واژه ها و اصطلاحات رایج در شیراز »[2]، « سیماي شهر اراك »[3]و « مثلها و اصطلاحات گیل و دیلم »[4] بکەین و لە مەودای بەرینی نێوان لەهجەکانی زمانی فارسی تێبگەین.

ئێستا بە پێی ئەم بەڵگانە، ئەگەر ئەم لەهجە و دیالێکتانە پێبنێنە ناو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبە دەرسییەکانی ئێران، زمان فارسی چ داهاتوویەکی دەبێ؟!

کەڵك وەرنەگرتن لە لەهجەکان لە کتێب و بلاڤۆکە ڕەسمییەکاندا، بە مانای وەپشتگوێدان و دوژمنایەتی نیە، چونکە هەر وەك پێشتر باسی کرا زمانی فارسی ڕیشەی لە سەر ئەو لەهجانە داکوتاوە و پێیان دەژی، لەهجەکانیش هەر وا زیندوون و هەر کام لە ناوچەی خۆیاندا بە هەموو جوانی و ناسکییانەوە قسەیان پێدەکرێ. کەچی لە هەمان کاتیشدا دەکارکردنیان لە نووسین و چاپەمەنییە ڕەسمییەکاندا، بە مانای نابوود کردنی زمانی فارسییە.

دامەزراندنی باسێکی ئاوا لە بابەت زمانی فارسییەوە، لە جێگەی خۆیدا نیە و قسە لێکردنی ناپێویستە، چونکە لە کردەوەدا کێشەیەکی لەم بابەتەی نیە و ڕەوتێکی هەزار ساڵەی پێواوە. بەڵام بۆ زمانی کوردی کە ئەمڕۆ دەستەویەخەی ململانێیەکی ئاوەهایە و هێشتا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، بە کێشەیەك دەناسرێ و جێگەی باس و لێدوانە.

ئەو کوردانەی کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە هەستێکی نامۆیان لە بەرامبەر گۆڤارێکی کوردیدا هەیە و لێکدا لێکدا داوا دەکەن کە بۆچی ئاوڕ وەسەر لەهجەی ناوچەکەی ئەوان نادرێتەوە، هەرچەند لە هەنگاوی یەکەمدا نیشانەی ئەوەیە کە بە ئەوین و خۆشەویستییەوە لە زمانی خۆیان دەڕوانن، بەڵام بە ڕوونی ئەوە دەردەخا کە بە گرینگیی مەبەستەکەیان نەزانیوە و ئەوینەکەیان لەسەر بناغەیەکی پتەو نیە. ئەگینا دەبوو بۆ فێربوون و گەشەپێدانی ئەو زمانە نیوە ستانداردە تێبکۆشن کە پتر لە سەدەیەك تێکۆشان و فیداکاری لە پشتە و بە کوێرەوەرییەوە گەیەنراوەتە دەستی ئێمە. ئەو زمانە دەبێ لە وشە و زاراوە و ڕێزمان و فولکلۆری دەوڵەمەندی لەهجەکان کەڵك وەربگرێ و هەر وەك زمانگەلی عەرەبی و ئینگلیسی و ئاڵمانی و فارسی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، گەشە بکا و ڕێگەی مێژوو ببڕێ و بەرەو زمانی ستاندارد بڕواتە پێش و ببێتە بەهێزترین ئامێری پێوەندیی ناوچە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردی. ئەو زمانە کوردییەی کە ئێستا لە چاپەمەنییە گشتییەکاندا پێی دەنووسرێ، تایبەت بە هیچ ناوچەیەکی کوردستان نیە و ناتوانین شوێنێك دەستنیشان بکەین کە تەواو بەو زاراوەیە باخێوێ. ئەوە لە ڕاستیدا یەکەمین نیشانەی زمانی ستانداردی کوردییە کە تەنیا بە هەوڵێکی ئەویندارانە و کۆششێکی لەخۆبوردوانە دەگاتە مەنزڵ.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئێستا، لە کردەوەدا دوو شێوەی گشتی بۆ نووسین و خوێندنەوەی کوردی، پێبەپێی یەك ڕێگا دەبڕن؛ یەکیان ( کرمانجیی ژووروو )یە کە لە لەهجە و بنلەهجەکانی باکووریی زمانی کوردی کەڵك وەردەگرێ و دانیشتوانی باکوور بۆ خوێندنەوە و نووسین بەکاری دێنن و بە ئەلفوبێی لاتین دەنووسرێ. ئەویتر ( کرمانجیی نێوەڕاست )ە کە جگە لە باکوور، لە ناوچەکانی تری کوردستان کەڵکی لێوەردەگیرێ و بە ئەلفوبێی بژار کراوی عەرەبی پێی دەنووسرێ.

لە سەردەمی ئێمەدا هەوڵێکی پیرۆز بۆ پتر لە یەك نزیك کردنەوەی ئەو دوو دیالێکتە سەرەکییە لە ئارادایە کە ئاڵا هەڵگری ئەو هەوڵە چینی ڕۆشنبیری کوردە. هەوڵێکی پیرۆزتر ئەوەیە کە شاعیران و نووسەران و ڕوناکبیرانی کرمانجیی باکوور بە هەستی بەرپرسێتییەوە فێری لەهجەی ستانداردی نێوەڕاست دەبن و لە کتێب و بلاڤۆکەکانی ئەم لەهجەیە

کەڵك وەردەگرن و لە نووسینەکانیاندا وشەی نێوەڕاست بەکاردێنن؛ هەروەها ئەم ئامانجە لە لایەن ڕۆشنبیرانی کرمانجیی نێوەڕاستیشەوە هەوڵی بۆ دەدرێ و خۆ فێری لەهجەی ستانداردی ژووروو دەکەن و لە نووسینەکانیاندا کەڵك لە وشەو زاراوەکانی ژووروو وەردەگرن و بەرەو هەرچی پتر لە یەك نزیکتر کردنەوەی دوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردی هەنگاو دەنێن.

لە پەراوێزی ئەم هەوڵە گرینگانەشدا، بەداخەوە گەمەی لەهجە و لەهجەبازیی هەندێ تاکە کەس یا ناوەندە فەرهەنگییەکان لە ئارادایە، کە بەشێکی لە ڕووی نائاگایییەوەیە و بەشێکی تری وشیارانە و ئاگادارانەیە[5]. بەڵام هەر دوو بەش وەکی ملۆزمێك، لەمپەر و بەرهەڵستێکن لە سەر ڕەوتی زمانی ستانداردی کوردی.

---

**<u>پەراوێز:</u>**

1. بڕوانە: وتاري « هادريمون » بە لەهجەی کرمانی، ( مجلة فروهر، شمارة مسلسل366، سال33، شمارة 2–1، فروردين و ارديبهشتماه 1377، ص 21 – 19 .)
2. فرهنگ واژەها و اصطلاحات رايج در شيراز، تأليف حسن نير، انتشارات قلم، چاپ اول، تابستان1370.
3. سيماي شهر اراك-جامعه شناسي شهري، تأليف محمدرضا محتاط، جلد دوم، فرهنگ مردم، زمستان1366.
4. مثلها و اصطلاحات گيل و ديلم، تأليف محمد پاينده، انتشارات بنياد فرهنگ ايران، 1352.
5. بۆ نموونەی ئەو هەوڵە وشیارانەیە، بڕوانە (روزنامة اطلاعات مورخ 16 مهرماه 1358)، وتاری د. محەممەد موکری، باڵوێزی ئەو کاتی ئێران لە یەکیەتی سۆڤیەت. موکری زمانی یەکگرتوو بە پیلانێك دژی زمانی فارسی و یەکپارچەیی ئێران دەداتە قەڵەم و داوا لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەکا کە بۆ هەر شار و شارۆچکەیەك کتێبی دەرسی بە زاراوەی هەمان ناوچە چاپ بکرێ تا ئەو پیلانە بەتاڵ بکرێتەوە.

---

کاتی خۆی، لەبەر گرینگیی بابەتەکە، ئەم وتارەم بە زمانی فارسی لە <u>حەوتەنامەی ئاویەر</u> دا بڵاو کردەوە. بڕوانە:

عشق بدون انديشه، ئاویەر، ژ39، ساڵی دووهەم، نیوەی هەوەڵی ڕەزبەری1377، ل6. – بە ناوی خوازراوی <u>مازیاری کاوە</u> –